# Pots and People in the Ancient Near East



# گۆزە و خەڵک

## لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن

# الجرار والناس

## في الشرق الأدنى القديم

سندوقی گڵێنە
ئەم دەستپێشخەرە پەروەردەییە بەشێک لە پڕۆژەی شوێنەواری کردارەکی و پاراستنی کەلەپوری لە هەرێمی کوردستانی عێراق پێك دەهێنێت، کە لەلایەن بەشی پاراستنی کەلەپوری کۆمەڵەی ڕۆشنبیری بەریتانیەوە پارەدارکراوە، بەهاوبەشی لەگەڵ بەشی دیجیتاڵ، کەلتور، ڕاگەیاندن و وەرزشی هەمان وڵات.

بەڕێوەبەری پڕۆژە: د. کڵودیا گڵاتز (زانکۆی گڵاسگۆ)
هاوبەشەکانی پڕۆژە: ئەفرۆدێت سۆرۆتۆ(شوێنگرەوە)، کەمال ڕەشید (بەڕێوەبەرێتی شوێنەواری سلێمانی).
بابەتە ئەکادیمیەکان: د. دانێڵ کاڵدێربانک و د. کڵودیا گڵاتز.
شیکاریەکان: مارینا دیمۆپۆلۆ.
کۆپی کردنەوەکان: ئاکۆ خضر.
وەرگێڕانەکان: عثمان توفیق فتاح و پەروین یاوەر, پێداچونەوەو چاککردن ( کەمال ڕەشید – هاشم حەمە عبدللە )
پیتچنین: ڕێبوار سەدرەدین
ڕێکخستنی : ئامانج ئەمین

ئاب - ٢٠١٩

Department for Digital, Culture Media & Sport

BRITISH COUNCIL

مۆزەخانەی سلێمانی
Slemani Museum

inherit
The Institute for Heritage and Sustainable Human Development

University of Glasgow

گڵین:
هەموو مافێکی ئەم زانیارییانە بۆ ئەم کەسانە پارێزراوە (کلاودیا گلاتز، ئەفرۆدێت سۆروتو ، کەمال ڕەشید ، دانیاڵ کالدرییانک و مارینا دیمو) © 2019

# پێرست


١. گۆزە و خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن

٢. الجرار والناس في الشرق الأدنى القديم

٣. Pots and People in the Ancient Near East




# پێشەکی

مەبەست لەم زنجیرە سندوقە فێرکارییە ناساندنی مامۆستایان و خوێندکارانە لەهەموو تەمەنەکاندا بە ژیانی خۆرهەڵاتی نزیکی دێرین لەپێناو هاندانی هەمووان بۆ بەئاشنابوون بەشێوەیەکی فراوان بە زانستی شوێنەواری مێژوویی ئەم ناوچەیە و پارێزگاریکردنی هەروەها بۆ یارمەتیدان لە پاراستنی کەلتوورە رۆشنبیرییە پڕ بەهای هەمە چەشنەکەی

سندوقەکان پێشەکیەکە سێ رەگەزی گرنگی ژیانی کۆن نیشان دەدەن:

- گڵێنەو خەڵک لە رۆژهەلاتی نزیکی کۆن.
- خۆراک لە رۆژهەڵاتی نزیکی کۆن.
- داهێنان و کارپێکردن بە نووسین لە ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن.

هەرچوار گۆشەیەك ئەمانەی لەخۆ گرتووە: زانیاری نووسراو، وێنەی ڕوونی پەیوەندیدار، کۆمەڵێک چالاکی بۆ ئاسانکردنی فێربوونی منداڵان.



بەپێی کات چێژ لەگەشتەکە وەربگرە!

## چی لەناو سنوقەکەدا هەیە؟

- ڕەچەتەی دروستکردنی هەویری خوێ بۆ: چالاکی ١
- دوو چەرخەیەکی بچوک بۆ: چالاکی ١
- کەرەستەی تەواوکردن بۆ: چالاکی ١
- گۆزەیەکی شکاو بۆ: چالاکی ٢:
- شێوە دەفرێک بۆ ڕەنگ کردن (ئەبێ لەلایەن قوتابخانەکەوە کۆپی بکرێت) بۆ: چالاکی ٣
- چەند گۆزەیەکی دروستکراوەی جیاواز.

## گۆزە : سەرەتاکانی تەکنۆلۆجیا

بۆ هەزاران ساڵ قوڕ بەشێکی گرنگ بوە لە کەلتوری میزۆپۆتامیادا. بەکارهاتوە لە چەندین بواری جیاواز لەژیانی ڕۆژانەدا، لە دروستکردنی دیواری خانوی خەڵکەوە بۆ دروستکردنی تابلێتی نوسین (سەیری سنوقی نوسین بکە). بەڵام قوڕ مادەیەکی سەرەکی یەکێک لە پێکهێنەرەکانی تەکنۆلۆجیای مێژووی مرۆڤایەتی پێکدێنێت: گۆزە.

گۆزە تەکنۆلۆجیایەکی سادەیە؛ دروستکراوە بە سوتاندنی قوڕ لە پلەیەکی گەرمی بەرزدا (دەوروبەری ٥٠٠-١٠٠٠ پلەی سەدی). ئەم پلە گەرمیە وایکردوە کە قوڕ لەمادەیەکی شل و نەرمەوە بکات بە مادەیەکی ڕەق. کاتێک کە ئەم پرۆسەیە ڕوئەدا، جارێکی کە ناتوانرێت وەک جارانی لێبکرێتەوە. لەبەرئەمەشە، بۆ سەدان و بگرە هەزاران ساڵ گۆزەکان خۆیان ڕاگرتوە و ماونەتەوە، لەکاتێکدا زۆرێک لە مادەکانی تر، وەک چەرم یان سەلەی لە قامیش دروستکراو، ئەگەنێن و لەناو ئەچێن. لەئەنجامدا، گۆزە بە بەردەوامی ئەدۆزرێتەوە لە زۆربەی شوێنە شوێنەواریەکاندا.

کەرەستە سەرەتاییەکان بۆ دروست کردنی گۆزەی سادە ئەمانەن پێویستە:
١) گڵی لەگەڵ ئاو تێکەڵکراو
٢) هەندێ لکێنەر بۆ یارمەتیدانی یەککرتنی گڵەکە بەیەکەوە (وەک، وردە بەرد یان کا )
٣) سەرچاوەیەکی سوتەمەنی بۆ ئاگرکردنەوە ( وەک، کا، دار یان پەلوپۆی ڕوەک )

ئەم کەرەستانە ئەتوانرێت بدۆزرێتەوە لەو دەروەدەشتەی دەوری تۆیان داوە. ئەو قوڕەی کە کۆکراوەتەوە لە قەراغ ڕوبارەکانی وەک سیروان ودیالە، بۆنمونە، زۆر باشە بۆ ئیشکردن بۆ دروستکردنی گۆزە.



## کەی، لە کوێ، و بۆچی گۆزە داهێنرا؟

گۆزە ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژوی ژیانی مرۆڤدا بینیوە لە هەموو جیهاندا. لەگەڵ ئەوەی کە کۆنترین گۆزە لە یابان دۆزراوەتەوە، و تەمەنی زیاتر لە ٢٠٠٠٠ ساڵە، و لە ڕۆژهەڵاتی نزیک دەوروبەری ١٠٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا دەست کرا بەدروست کردن و بەکارهێنانی گۆزە.

## گۆزەکان و سەبەتەکان

یەکەمین لەگەنەکان ئەچنە ناو کەلتوری فراوانی دروستکردنی دەفرەکانەوە، ئەوەی کە لە پێشوتردا هەبوە وبەرهەم هاتبوو لە پێستە یان سەبەتەی قامیش. لە ڕاستیدا، هەندێک لە لەگەنە سەرەتاییە لە قوڕ دروستکراوەکان شوێنی قامیشیان بەسەرەوە دیارە. کە وەک هەیکەلێک بەکارهاتوە بۆ دروستکردنی دەفر لە گڵێنە. هەندێک لەم لەگەنە سەرەتاییانە تەنانەت نەخشیشیان لەسەر هەڵکەنراوە بۆ ئەوەی لە سەبەتە بچن

گڵێنەی سەرەتای و سەبەتە



نەخشێنراو لە ناوەوە، لە حەسونە دۆزراوەتەوە، لە باکوری عێراق، ٩٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا.

## گۆزەکان و گۆڕانکاری کۆمەڵگە

یەکەمین گۆزەکان دروستکران لەهەمان ئەوکاتەی کە گۆڕانکاری گەورەی تر رویاندا لە رۆژهەڵاتی نزیک، کاتێک کە خەڵک یەکەمجار دەستیان کرد بەنیشتەجێ بوونی هەمیشەیی و چاندن و دروێنە دەستی پێکرد لە ١٠،٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا. ناساندنی گۆزە پێئەچێ پەیوەندی نزیکی هەبێ بە بەرهەمهێنانی خۆراک و بەکاربردنی کەلەو کاتەدا سەری هەڵدا (سەیری سنوقی خۆراک بکە). گۆزە هێشتا پەیوەندی بەخواردنەوە هەیە لە مرۆدا. ئێمە هێشتا لەگەن بەکاردینین بۆ هەڵگرتنی خۆراک، لێنان و ئامادەکرند و پێشکەش کردنی خواردن و خواردنەوەکان. بیرکەرەوە، بۆنمونە، لەو قاپ و دەفرانەی کە تۆ رۆژانە نانی لەسەر ئەخۆیت

## چۆن گۆزەکان دروستکراون؟

جۆری جیاوازی گۆزەکان ئەوانەی کە ئێمە ئەیان دۆزینەوە بەشێوەی جیاواز دروستکراون. ئەمە سێ شێوەی سەرەکین کە لەگەنەکان لێ دروست کراوە لە رابردوو و لەئێستاشدا

ئەم سنوقە پەروەردەییە رەچەتەیەکی لەخۆ گرتوە بۆ هەویری خوێی بۆ دروستکردنی قوڕی دەستکرد.

## بەرهەمی دەستی

یەکەمین دەفرەکان بەدەست دروست ئەکران، لولە قور دروست ئەکران لەرێگەی لولکردنی قورەکە بەشێوەیەکی دریژ و بەیەکەوە نوساندنی ئەم لولانە بۆ دروستکردنی شێوەی دەفرەکان. ئەم جۆرە تەکنیکە زۆر جیاواز نیە لە شێلانی هەویر بۆ دروستکرندی نان. ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە دەفری سادە ئەتوانرێت دروست بکرێت لەلایەن هەرکەسێکەوە. لەگەنە بەدەست دروستکراوەکان هێشتا لە جیهاندا دروست ئەکرێن لە رۆژگاری ئەمرۆدا.

بەرهەمی دەست- بنیاتنان و دروستکردنی لولپێچ.



## بەهەمێنان بە دوچەرخە

بەنزیەکیی ٦،٠٠٠ ساڵ بەرلە ئەمڕۆ، تەکنەلۆجیایەکی جیاواز داهێنرا: بەرهەمهێنان بە دوو چەرخە. ئەم تەکنەلۆجیە ڕێگەیدا لەگەنەکان بە هێواشی لەسەر دووچەرخەیەک دروست بکرێن، ئەسورایەوە لەلایەن گۆزەکەرەکەوە یان یارمەتیدەرێکەوە بە بەکارهێنانی دارێک. ئیشپێکردنی دووچەرخە بە باشی کارێکی ئاسان نەبوە، پێویستی بە چەند ساڵ ئەزمون هەبوە تا گەنجێک بتوانێت بەباشی لێی فێربێت و ببێ بە گۆزە دروستکەری شارەزا. بەرهەم هێنان لە ڕێگەی بەکارهێنانی دووچەرخەی هێواش بەردەوام بوو لە بەکارهینان تا ٣٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا، کاتێک کە شێوەیەکی نوێ لە دووچەرخە داهێنرا، کە بریتی بوو لە دووچەرخەی خێراو بەردەوام. تەکنیکی دووچەرخەی خێرا وای کرد کە گۆزەکەرە شارەزاکان بەرهەمی کوڵیتی بەرز بە خێرای دروست بکەن. هەر ئەم جۆرەیە کە بەگشتی لەمڕۆدا بەکاردێت، وە ئەتوانرێت کەلە شوێنی دروستکردنی گۆزەکاندا ببینرێت لە جیهانی ئەمڕۆدا

ئەم سنوقە پەروەردەییە مۆدێلێکی بچوکی دووچەرخەی هێواشی تێدایە،

## تەواوکردنی شێوەکە

کاتێک کە شێوەکە گەشتە ئەنجام بەو شێوەیەی کە باسکرا، هێشتا زۆر نارێکە. گۆزە دروستکەرەکان چەندین ئامێری بچوک بەکاردینن بۆ ئەوەی گۆزەکە بەتەواوی ڕێک و ساف بێت پیش ئەوەی بخرێتە ناو ئاگرەوە. لەبەر ئەوەی ئەو ئامێرانە لە دار، قامیش یان ئێسک دروست کراوَن بۆیە لە ئێستادا وەک پارچەی شوێنەواری نادۆزرێنەوە. بەڵام زۆر پێئەچێ کەوەک ئەوانە وابن کە لەم سنوقەدان.

ئەم سنوقە پەروەردەییە ئامێرێکی دروستکردنی شێوازی نوێی تێدایە.

تەکنیکی دوو چەرخەی خاو. / تەکنیکی دوو چەرخەی خێرا.



چالاکی: تۆ گۆزە دروستک کەریکی کۆنی. ئەو قوڕ بەکاربێنە بۆ دروست کردنی لەگەنێک بەدەست، وەدانیەکیش دروست کە بە بەکارهێنانی دوو چەرخە. کام لەگەنەیان ئاسانترە دروست بکرێت؟

## لە کوێ گۆزەکان ئەدۆزینەوە؟

ئەتوانرێت گۆزەی کۆن بدۆزرێتەوە لە زۆر جێگا. کاتێک لە ناو زەویەکی هاتو چۆ ئەکەی لە شارۆچکەکەت یان لە گوندەکەت، گونجاوە کە هەندێ پارچەی گۆزەی کۆن بدۆزیتەوە. شوینەوارناسان ئەم پارچە بچوکە، شکاوەی گۆزەی کۆنیان خۆش ئەوێ، ئەوەی ئێمە پێی ئەڵێن لەتە گۆزە. لەبەر ئەوەی ئەم لەتە گۆزانە ناتوێنەوە بە تێپەر بونی کات، ئەمانە نمونەی ئەوەن کە نیشتەجێ بوە کۆنەکان چیان لێ بەجێماوە. کاتێک شوێنەوارناسەکان کنەوپشکنین لەو شوێنانە ئەکەن ژمارەیەکی زۆر لەو لەتە گۆزانە ئەدۆزنەوە، هەندێ جار ئێمە گۆزەی ساغیش ئەدۆزینەوە؛ ئەم لەتە گۆزە و لەگەنانە زانیاری زۆرمان ئەدەنێ دەربارەی ئەوەی کە چۆن دروست کراون، بەکارهاتون لەلایەن خەڵکەوە لە ڕابردودا.

گۆزە زانیاری زۆر گرنگ ئەدا بەشوێنەوارناسەکان دەربارەی ژیان لە ڕابردودا:

- تەمەن: شێوازی گۆزەکان ئەگۆڕێن بە تێپەربونی کات، ئەتوانرێت بەراوردبکرێن بە گۆزەکانی تر بۆ دیاری کردنی سەردەمی شوێنە شوێنەوارییەکە، بیناکان، ژورەکان لەناو بیناکان.
- چۆن خەڵک ژیاون: پێشکەوتنی جۆری جیاوازی گۆزەکان بەتێپەربونی کات پێمان ئەڵێت دەربارەی گۆڕانکاری هەڵسوکەوتی خەڵک و چۆن ژیانی خۆی ڕێکخستوە لە ناو کۆمەڵگەدا. ئەتوانین ئەوە ببینێن کە چۆن گۆزەکان بەکارهاتون، ئەشتوانین ئەوە بزانین کام لەگەن لەلایەن خەڵکی دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەوە بەکارهاتوە، وەیان کام جۆریان لەلایەن خەڵکی ئاساییەوە بەکارهاتوە.
- خواردن و خواردنەوەی کۆن: جۆرەکانی گۆزە زۆر زانیاریمان ئەدەنێ لە سەر ئەوەی کە بزانین خەڵکی کۆن چۆن خواردەمەنی ئامادەکردوە، چۆن ژەمەکانی لێناوە، وەهەروەها چۆن نان و ئاویان خواردوە. ئایا خەڵک بەتەنها نان و ئاوی خواردوە، یان لە ناو خێزان وەیان لەناو ئاهەنگ و ڕوداوی گەورەدا؟

ئەم سنوقە پەروەردەییە گۆزەیەکی کۆپی شکاوی تیایە

چالاکی ٢: تۆ شوێنەوارناسیت. ئەتوانی ئەم گۆزە شکاوە چاکبکەیتەوە؟

## گۆزە بە تێپەڕبونی کات

جۆرەکانی گۆزە و بەکارهێنانیان زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتوە لە ١٠٠٠٠ ساڵی ڕابردودا. ئەم گۆڕانکاریانە لە شێوە و جۆریان ئەتوانن زانیاری زۆرمان پیببەخشن دەربارەی گۆڕانکاری ژیانی مرۆڤ لەسەردەمی میژوو لە پێش مێژوو، بەتاییەت سەبارەت بەوەی کە چی بەرهەم هێناوە، هەڵیگرتوە، وەیان چی پێشکەش کردوە وە دەربارەی خواردن و خواردنەوەکان (سەیری سنوقی خواردن بکە). با شوێن هەندێ لەو گۆڕانکاریانە بکەوین بە تێپەڕبونی کات.

## گۆزەی یەکەمین گوندەکان (١٠٠٠٠- ٦٠٠٠ پێش ئێستا)

ئەم سەردەمە مرۆڤەکان دەستیان کرد بە نیشتەجێ بونی هەمیشەیی لە گوندەکان، ئەمەش پیئەچێ یارمەتی دانیشتوانی گەورەتر بدا. لەم گوندانەدا، دانەوێڵەی ماڵی کراویان بەهەرهەمهێنا وە ئاژەڵیان بەخیو کرد (سەیری سنوقی خواردن بکە).

کەنوو یان گۆزەی گەورە: ژمارەیەکی زۆر گڵێنەی سەرەتایی هەن کە زۆر گەورە و قورسن. ئەوەنە گەورە و قورسن ناتوانرێت بجوڵێنرێن. ئەمە بەهۆی ئەوەی کە بەکارهاتون بۆ هەڵگرتنی خۆراک، وەک دانەوێڵە لەماڵەکاندا. هەندێ لەم دەفرانە نەخشی سەیریان لەسەر هەڵکەنراوە. ئەم دیزاینانە وەک شێوەی نیوە مانگن یان تەنها چەند خاڵێکن لەسەریان، هێشتا نەتوانراوە مانای تەواوەتیان بزانرێت. بەڵام هەندێ جار وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵیان لەسەرە کەلەم ڕۆدا ئەناسرێنەوە. ئەم نەخشانە ئەکرێ بۆ بابەتی جادوگەری دروستکرابن، یارمەتی دەربن بۆ پاراستنی ئەو خۆراکەی کە تێدا هەڵگیراوە.

قاپ و دەفرە ڕازێنراوەکان (وەک نمونەی ناو ئەم سنوقە): دەستکرا بە ڕەنگ کردنی ئەم دەفرانە لە ناوەوە و لەدەرەوە بە زنجیرە نەخشێک، بەگشتی نەخشی ئەندازەیی لەناوەوە، بەڵام هەندێ جاریش وێنەی ئاژەڵیان لەسەرە، وەک گا، ئاسک و مار؛ ئەمانە هەندێ شتمان پیەڵێن کە ئەمانە گرنگ بون لای خەلک لەکۆندا. هەندێ لە دەفرەکان زۆر بەجوانی و بە لێزانی دروست کراون. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەم دەفرانە بۆ خواردن و خواردنەوە بەکارهاتوون. جوانترین و ڕازاوەترین دەفرەکان لە ئاهەنگ و بۆنەکان بەکار ئەهاتن ئەوانەی کە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگەکە بەشداریان تیا ئەکرد، وە ئەکرێ لەلایەن خەڵکی دەسەڵاتدارەوە بەکارهاتبن وەک نیشانەیەک بۆ پیشاندانی دەوڵەمەندی و گرنگی خۆیان.

## لەگەنی جوان ڕەنگکراو



لەگەنێکی جوان ڕەنگکراوی گردی ئەربیچییە، لە باکوری عێراق، ٨٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا.



ئەم سنوقە پەروەردەییە دەفرێکی تێدایە کە ئەتوارێت بەقەڵەم ڕەنگ بکرێت.

چالاکی ٣: تۆ گۆزە دروستکەرێکی کۆنی لە گوندێکی سەرەتای کشتوکالیدا. چ ڕەنگ و نەخشێک ئەکەیت بۆ لەگەنەکەت؟

# گۆزە لە شارە یەکەمینەکان (٦٠٠٠- ٤٥٠٠ پ.ز)

کە گوندەکان گەورەبون، خەڵک بەیەکەوە ژیان بە ژمارەی زۆر. نیشتەنیەکان فراوان کران وە بەیەکەوە نران بۆ ئەوەی ببێت بە ناوەندی شارنشینی، ئەوەی کە لە کۆتایدا بوو بە شاری گەورە. هەندێ لەو نیشتەنیانە دەستیان کرد بە بنیاتنانی هێز و بۆ ئەمەش پەرستگاو کۆشکیان دروست کرد.

دەفرە نارێکەکان ( ئەو نمونەیەی لەم سنوقەدا هەیە): دەفرێکی زۆر باو بوە لەم سەردەمەدا، هەزارانی لێئەدۆزرێتەوە لە میزۆپۆتامیاو ناوچەکانی دەوروبەریدا. ئەم دەفرە بچوکە، لە شێوەی دەوریە زۆر بە نارێکی دروست ئەکران، وە هەندێ جار شوینی پەنجە مۆری دروستکەرەکەی لەسەرە کاتێک کە هێزیان ئەخستە سەر قورەکە بۆ دروستکردنی دەفرەکە شوین پەنجەکانیان لەسەر بەدیار ئەکەوت. هۆکاری بەکارهێنانی ئەم دەفرانە لە ئێستادا نەزانراوە. هەندێ خەڵک پێیان وایە دەفری خواردن بون، بەکارهاتون بۆ دروستکردنی خواردن؛ هەندێکی کە پیيان وایە کە دەفری هاوکاری بون، دراون بە کرێکارەکان لە بری هەقی ئیشکردنیان. ئەم دەفرانە لە سەرەتای سەرهەڵدانی نوسین وەدیار کەوتن (سەیری سنوقی نوسین بکە)،
ئەوەی کە نزیک سەری مرۆڤ دائەنرا بە مانای ووشەی هاوکاری ئەهات، واتە وەک هێمای هاوکاری ئەناسرێت.

دەفری شێوە گۆزەیی (وەک نمونەی ناو سنوقەکە): هەندێ جار دەسک یان لولوی درێژیان هەیە و هەندی جاریش نەیانبوە. هەندێ جاریش زۆر جوان بون بەهۆی هەبونی رەنگی سور و رەش لە سەریان، ئەم شێوازە بە دەفری ”سورباو ناسراوە“ . هەندێک لە هەرە جوانترین شێوازەکانی دەفری سوڕ لە شوێنێکی نیشتەجی بونی کۆن لە لیوارەکانی ڕوباری سیروان/ دیالە دۆزرانەوە.ئەم گۆزانە پێئەچێ کە خواردنەوەیان تیابوبێ کە لەلایەن چەند کەسێکەوە بەشدارێ پێکرابێت، هی چەند کەسێک بوبیت و بەکارهاتبێ. خواردنەوەکە لەم دەفرانەوە کراونەتە کەمۆڵەی بچوکترەوە وەیان پێئەچێ ڕاستەوخۆ لە گۆزەکە خورابێتەوە لە ڕێگەی قەسەبەوە. ئەمە پیشان دراوە لە هونەری کۆندا، وێنەکان پیشاندراون کە خەڵک بە کۆمەڵ لە یەک گۆزە خواردنەوە ئەخۆنەوە.

## گڵێنە لە یەکەمین شارەکان





دەفرەکانی خۆراک
سەرەتای پێش
دەرکەوتنی نوسین
٥٥٠٠ ساڵ پێش زاین.



گۆزەیەک لە خەفاجە، دیالەی خوارو/ سیروان ٥٠٠٠ ساڵ پێش زاین.

خواردنەوەی گشتی



شوێن مۆر دیمەنی خواردنەوەی بیرەی لەسەرە
لە ناو گۆزەیەک، لە تەپە گەورە، باکوری عێراق.

## گۆزە لە یەکەمین حکومەتەکان (٤٥٠٠ - ٣٥٠٠ پێش ئێستا)

شاری جیاواز لە ناو هەرێمەکاندا یەکیان گرت لە ژێر یەک فەرمانڕەوادا بۆ دروستکردنی حکومەتێکی گەورە. ئەم جۆرە حکومەتانە لە میزۆپۆتامیا و هەرێمەکانی دەوروبەریشی دروست بون.

لەگەنی سادە (نمونەی ئەم سنوقە): لەم سەردەمەدا، گۆزەکان سادە و ساکار بوون وە یەک شێوەیان هەبوو. ئەم لەگەنانە هۆکاری بەکارهێنانیان دیارە، گۆزە گەورەکان بەکارئەهاتن بۆ هەڵگرتن وەک کەنو، دەفری لێنان بۆ لێنان بەکارئەهاتن، قاپە بچوکەکانیش بۆ خواردن بەکار ئەهاتن، پەرداخەکانیش بۆ خواردنەوە. هەروەها سوزگیش هەبون بۆ پاڵاوتن. دەفرە جوان و ڕازاوەکانی سەردەمانی پیشوو چیتر بەتەواوەتی دیارنەمان. ئەم شێوازانەی ئێستا لە هەموو هەرێمەکاندا بەکاردێن بە جیاوازیەکی زۆر کەمەوە.

هونەری کۆن: خەڵک جیتر لە دەفری گشتیا خواردن و خواردنەوەی نەئەخوارد، بەڵام دەفری کەسی پەیدا بوو. ئەم نمونەیەی ئور پیشانی ئەدا کە کۆمەڵێک خەڵک کوپی تاکە کەسیان بەدەستەوەیە، لە کاتێکدا ئەوەی کە بەناوبانگە بە ئاهەنگی باخچە لە نەینەوا پیشانی ئەدا کە پادشا، ئاشوربانیپاڵ پاڵیداوەتەوە لە باخچەیەک و بەدەستێکی قاپێکی هەڵگرتوە. خواردن و خواردنەوە، و دەفرو دۆڵەکانی ئەم ئاهەنگە بوبە هێمای دەوڵەمەنی و هێز (سەیری سنوقی خواردن بکە). پێئەچێ کە خەڵکی دەستەڵاتدار خواردنەوەی لە دەفری زیو یا ئاڵتوندا خواردبێتەوە، وە خەڵکە هەژارەکەش لە دەفری تەختی گڵیندا خواردنیان ئەخوارد.

گۆزەی سادە



گڵێنەکان لە سەرەتای دەوڵەتەشارەکان و ئیمپراتۆریەتەکان. گۆزە سادەکان و کوپەکان لە گردی خەیبەرم باشوری عێراق، ٣٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا.

ئەم سنوقە پەروەردەییە هەندێ دەفری تێدایە کە هی ئەو سەردەمانەیە



تایبەتمەندیەکانی ستاندەردی ئور، سنوقێکی نەخشێنراوی تەختە لە گۆڕستانی شاهانەی ئور، باشوری عێراق، ٤٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا.



تایبەتمەندیەکانی دیمەنی خوانێک، یان ئاهەنگی ناو باخی نەینەوا، نیگارێکی سەردیواری ئاشوری لە کۆشکی باکور لە نەنینەوا، باکوری عێراق، ٢٦٠٠ ساڵ پێش ئێستا.

## خەڵکی میزۆپۆتامیا چۆن ئەیانڕوانیە گۆزەکانی خۆیان؟

گۆزەکان بەشێکی مانادارbون لە ژیانی ڕۆژانە لای خەڵکی میزۆپۆتامیا و کاریگەری گەورەشی هەبوە لە سەر جیهان بینیان. ژمارەیەکی زۆر نوسین ئاماژەیان بە گۆزەکردوە وەک سوری ژیان ناویان بردوە: هەروەک چۆن مرۆڤ لە دایک بوە، گۆزەکانیش ئاوا شێوەیان گرتوە، هەروەک مرۆڤ چۆن ئەژێ، گۆزەکانیش بەکارهاتون، هەروەک چۆن مرۆڤەکان ئەمرن، گۆزەکانیش ئەشکێن.

## دروستکردن

دنگریمە، ناسراوە بە کچی گۆزەکەر، خواوەندێکی ئافرەتی میزۆپۆتامیا بوە گرنگی داوە بە گۆزە دروستکەر و گۆزەکانیان. وەهەروەها لێپرسراوبوە لە دوگیان بون و لەدایک بوون. لە تێکستێکدا دنگیرمە چواردە پارچە قوری بەدەستەوەیە، بۆ دروستکرندی حەوت نێر و حەوت مێ. هەندێ جار ئەم پارچە قورانە ئەخرانە ناو فڕنەوە یان کورەوە بۆ درستکردنی ئەم بونە. هەروەک چۆن گۆزەکان ئەسوتێنرین، مناڵەکانیش ئاوا لەدایک ئەبن.

## لەناوبردن

خەڵک وورد ئەبون ئەگەر گۆزەی قوڕین بونایە

وێرانکردن بابەتێکی باو بوە لە شیعر و هەڵبەستی میزۆپۆتامیای کۆندا. ئور  شاری گەورەی میزۆپۆتامیا وێرانکرا لەلایەن هێزێکی داگیرکەرەوە لە ٥٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا. لە باسی ڕوداوکەدا،  مردنی خەڵکەکە بەراورد کراوە بە وورد بونی گۆزەوە. لە کۆتایی وێرانکاریەکەدا، باس لەوە ئەکا لاشەی خەڵکی شار نەک پارچەی گۆزە  لەو ناوە کەوتبون. لە باسی لافاوێکی ناوبانگی میزۆپۆتامیاداو ئەتراهاسس باڵندەیەکی گەورە ئاسمانی پارچەپارچەکرد زەوی وورد کرد وەک گۆزە، ئەنجامی ئەمە لافاوێکی گەورەبوو کە لە ئاسمان و زەویەوە ئاو ئەهات. کاتێک لە لافاوەکە نەما، پاڵەوان گەلگامێش سەیری زەوی کرد کە هەموو مرۆڤەکان بوبونەوە بەگڵ.

ژیانی دوایی میزۆپۆتامیا، ئەوەی کە خەڵکی کۆن وابیریان ئەکردەوە کە پاش مردنیان بۆی ئەچن، هەندی جار ناسراوبوو " شوێنی لەتە گۆزە.

## مردن و ناشتن

کاتێک پاڵەوانی ئەفسانەی میزۆپۆتامیا گەڵگامێش، گەڕایەوە لە جیهانی دوایی، ووتی:

" ئەوانەم بینی کە ئێوە بینیوتانن، ئەوەی کە خێوەکان کەسیان نیە هاوکاری بن:
ئەخوا لە دوا دڵۆپی بن دەفرەکان، وە گاز لەو پارچە نانانە
ئەگرێ کە فڕێدراون لەسەر شەقامەکان.

هەروەک چۆن ژیان پێویستی بە خواردن و خواردنەوە هەیە بۆ مانەوە (سەیری سنوقی خواردن بکە)، بۆ مردوکانیش هەروایە. هەرئەمەشە کە گۆزە، کوپەکان لەگەڵ مردووەکانا ئەنێژرێن، یاخود لە نزیک قەبرەکانیان ئەنێژرین، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە هاوکاریان بێت بۆ پێدانی خواردن و خواردنەوە لە پاش مردن. ئەو ڕۆحانەی ئەم خۆراکەیان دەست نەکەوێ ئارام نابن، وا ئەزانرا کە ئەم ڕۆحانە دوای ئەو خزمانە ئەکەون کە پشتگوێیان خستون.

### ناشتن



نێژراوێک لە گەڵ کەمۆڵەیەک لەکانی ماسی دۆزراوەتەوە، دیالەی سەروو/ سیروان، ٣٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا.

### پرسیاری ڕاپۆرتی بۆ مناڵانی گەورە

١) چۆن ئەڕوانیتە ئەوەی کە خەڵک چۆن خواردنی دروستکردوە و هەڵگرتوە پێش ئەوەی گۆزە دابهێنرێت؟

٢) بۆچی گۆزە بۆ شوێنەوارناسان زۆر گرنگە؟

٣) بۆ چی تۆ وا هەست ئەکەی کە خەڵکی میزۆپۆتامیا هەمیشە وا بیری کردۆتەوە کە گۆزەکان هاوشێوەی مرۆڤن؟



## ڕەچەتەی هەویری خوێ

### پێکهاتەکان

ئەم پێکهاتانەی خوارەوە بۆ گروپێکی ١٠ منالًی ئامادەکراوە

١) ٥ کوپ خوێ (١،٢٥)
٢) ١٠ کوپ ئارد (٢،٥)
٣) ٤ کوپ ئاو (٢)

### ئامادەکاریەکان

١) خوێ و ئاردەکە تێکەڵکە لە دەفرێکی گەورەدا. ئەگەر پێویستی کرد جیایان بکەرەوە لە چەند دەفرێکی بچوکتردا.
٢) بەهێواشی ئاوی تێکە. تێکەڵی کە هەتا ئەبێ بەهەویر.
٣) هەویرەکە بخەسەر مێزێک پاشان بەدەستەکانت بیشێلە هەتا نەرم و یەککگرتوو ئەبێ.
٤) گۆزەکەت دروست بکە بەهەویری خوێ!

ئەگەر ئارەزوت هەیە گۆزەکەت بخەرەناو فرنێک تا ١٨٠ پلە. ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ برژاندنەکە ئەکەوێتە سەر ئەوەی گۆزەکەت چەن ئەستور و گەورەیە.هەویری خوێ ئەشتوانرێ لە بەر هەتاو ووشک بکرێتەوە

بۆ زانین
هەویری خوێ بۆ چەند ڕۆژێک هەڵئەگیرێت ئەگەر بخرێتە ناو دەفرێکی کەپسەوە.